# فیشەکێک لە بروکسل وە بۆ ئەنقەرە ... وەهاب شاە محمد

تورکیا وەک وڵاتێکی ئیسلامی، وڵاتێک کە لەرووی جوگرافیەوە رۆژئاواو رۆژهاڵات بەیەکەوە دەبەستێ و خاوەنی مێژوویێکی ناسراوە لە جیهان و ناوچەکە، هەر لەسەرەتای بەرپابوونی یێکێتی ئەوروپا داوای ئەندامبوونی لهم یێکێتی ئەوروپایە کردووە بەڵام بێ ئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامە. زۆر لە وڵاتانی تازەی ئەندام بووی وەک هەنگاریا، چیک، سلوڤاکیا وڵاتانی باڵتیک، یان ولاتانی کانیداتی وەک بولگاریا، سلوڤانیا، رومانیا، کرواسیا کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بە دوژمنی هەرەسەرەکی وگەورەی رۆژئاواو یێکێتی ئەوروپا دەژمێردران ئەمرۆ بەهۆی نەمانی کۆمەنیسم و گۆرانکاری و ریفۆرمە سیاسێکانی ناو ئەم وڵاتانە بوون بە ئەندام و هاوپەیمانی راستەقینەی ئەم یێکێتیە.

کێشە سیاسێکانی ناوەوەی تورکیا خۆی لە فەلسەفەی بییری کەمالیزمی دەگرێتەوە، کە ئەنجامەکەی سەپاندنی بییرێکی ناسیونالیستی توندرەو بوو لەلای زۆربەی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتەو دەسەڵاتدارانی سیاسی. ئەم بییرە کەمالیزمە بووەهۆی رەدکردنەوەی مافی هەموو کەمەنەتەوایەتێکانی ئەم وڵاتە، کە کوردیش قوربانی سەرەکی ئەم بییرەبوو. ئەم بییرو پەروەردە کەمالیزمە بوو بەبەشێک لە کلتورو بیرکردنەوەی میلی لای خەڵکی تورک، کە ئەنجامەکەشی بەهیزبوونی زیاتری دەسەڵاتدارانی سوپاو ناسیونالیستان بوو بەرامبەر هەموو گۆرانکاری و ریفۆرمێک.

شەری ساردی نێوان رۆژئاواو بلۆکی کۆمەنیسمیش و پاڵپشتی رێکخراوی ناتۆ بۆ تورکیا بەشێکی تری بەهێزبوونی دەسەڵاتی سوپاو ناسیونالیستەکانی تورکیا بوو کە ئەم وڵاتەیان لەسەرووی بەرنگاربوونەوەو رێگاگرتن لە بلاوبوونەوەی کۆمەنیسم دەبینی لەناوچەکە. ناتۆ بەهۆی مەترسی وهەرەشەی سۆڤێت هەموو ئاسانکاری و هاوکارێکی خسبووە ژێردەست دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئەمانیش لەرێگای ئەم هاوپەیمانی و پاڵپشتیەی ناتۆە توانیان هەموو سەرهەڵدانێکی ناوەوەی کەمەنەتەوایەتێکان خاموش بکەن، رێگاشیان لەپەیداکردنی دۆستی سیاسی دەرەکی لێبگرن.

نەمانی کۆمەنیسم و مەترسێکانی دژ بە رۆژئاوا رۆڵی تورکیای لەناوچەکەو جیهان کەمتر کرد، بۆیە دەسەڵاتادرانی ئەم وڵاتە کەوتنەخۆ بۆ گەران بەدوای ئالترنەتیڤی تر بۆ مانەوەی ئەو گرنگی و پێویستیەی ئەم وڵاتە لە ناوچەکە، ئەویش لە خۆنزیکردنەوەی زیاتر لە ئیسرائیل وەیان لەرێگای بوون بەئەندام بوون لەیێکێتی ئەوروپا بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە مێژوویانەی کۆنیان.

ئەندامبوونی تورکیا لە یێکێتی ئەرووپا رێگرو مەرجی زۆر لەبەردەم بوو، هەندێ لەو مەرجوو رێگرانەش باری ئابووری و سیاسی بوون کە پێویستی بە ریفۆرمی گەورەدەکرد لەم وڵاتە.

تورکیا بەهۆی کێشە ئابوورێکانی، کە هۆیە سەرەکێکەی دەگەرێتەوە بۆ هۆیە سیاسێکان ناتوانێ تەنها لەروی ریفۆرمێکی ئابووریەوە چارەسەر بکات بێ گۆرانکاری لە سیاسەتەکانی ناوەوە کە تەواو پێچەوانەی مەرجەکانی ئەندام بوونە لە یێکێتی ئەوروپا. بەهۆی دەسەڵاتی بەرفراوانی سوپاو هێزەکانی ئاسایش و دەستگرتنیان بەسەر هەموو چالاکیە ئابورێکان، تورکیا ناچار بوو دەست بەکەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەم هێزانە بکات، بەڵام تاکو ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لەم کارەی بۆیە دەماودەم گوێمان لە نارەزاێکانی

یکێتی ئەوروپا دەبێت لە رەفتاری سوپاو هێزەکانی ئاسایشی تورکیا بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خاستیاری گۆرانکارێکانن یان ئەوانەی رەخنەگرن بەرامبەر ئەو سیاسەتانە.
مامەلەکردنی دەسەڵاتدارانی سوپای تورکیاو هێزە سیاسیە ناسیونالیستەکانی تورکیا بەرامبەر کێشەی کورد هەمیشە بەشێکی گرنگی رەخنەکانی یکێتی ئەوروپا بووە بەرامبەر تورکیاو مەرجەکانی ئەندام بوونی.
سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) بە ئایدلۆجیاێکی مارکسی لینینی کە دژ بە بەرژەوەندێکانی سەرجەم رۆژئاوا لەقەڵەم دەدرا، دەکریَ هۆێکی گرنگی مانەوەی هێزی دەسەڵاتی سوپاو سیاسەتی ناسیونالەستەکانی تورکیا بێت. سوپای تورکیا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی ودەستێوەردان لەهەموو کاروبارێکی ناوەوە پێویستی بە قەیرانێکی سیاسی لەوجۆرەی کە پ.ک.ک درووستی کرد لەماوەی بیست ساڵی رابردوو هەبوو، چوونکە خەباتە چەکدارێکەی پ.ک.ک لەکاتێکدا سەری هاڵدا کە خودی کۆمەنیست بەرەو نەمان دەچوو، بەڵام سەرهەڵدانی لەناوچەێکی وەک رۆژهاڵاتی ناوەراست باری سیاسی لەناوچەکە ئالۆزتر دەکرد، ئەمەش دژ بە سیاسەتی یکێتی ئەورپاو ئەمریکا بوو.
دەسەڵاتادرانی تورکیا هەمیشە ئەو سیاسەت ورەفتارانەی هەیانبووەو هەیانە بەرامبەر کێشەی کورد دەگەرێننەوە بۆ ئەوهەرەشەو مەترسیانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پ. ک. ک) دروستی دەکات بۆ خاکی تورکیا یان ئەو نائارامیەی لەناوچە کوردێکان بەرپابوە بەهۆی بوونی پ.ک.ک. سوپای تورکیا بۆ مانەوەو پاراستنی دەسەڵتیان زۆرجار هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چالاکی سەربازی بەرامبەر سوپای خۆدی تورکیا بۆ تاوانبارکردنی کورد و (پ،ک،ک) بۆ ئەوەی بۆ رای گشتی ناوەوە دەرەوە گرنگی مانەوەی دەسەڵاتیان پێشانبدەن. هەندێ جار لەرێگای بەکرێگیراوەکانیانەوە لەناوچە کوردێکان هەڵدەستنن بە ئەنجامدانی کاری سەربازی و پاشان لاییەنی کوردی و (پ.ک.ک) ی پێ تاوانباردەکەن.
کەمبوونەوەی رۆڵی تورکیا لەناوچەکە پاش رێگەنەدان بە سوپای ئەمریکا بۆ روخانی بەعس لەلایەن ئەم ولاتەوە زیاتر هەستی پێدەکریت، کاتێ ئەم ولاتە لەرێگای پەرلەمانەکەیەوە رێگای بەهێزەکانی ئەمریکا نەدا بۆ پەلامردانی عیراق و رووخانی بەعس. ئەمریکای هاوپەیمان ودۆستی دێرینی تورکیا ئەم رێگەنەدانەی تورکیای وابەئەسانی پێهەزم نەکرا، بۆیە پێویستی بە پەیداکردنی دۆست و هاوپەیمانی تازە بوو لەناوچەکە، کوردیش لە باشوور بەهۆی بەشداری کردنیان لەرووخانی بەعس و ئەو ئاسانکاریانەی بۆ هێزەکانی ئەمریکا پێشانیاندا، وەک هاوپەیمانێکی تازە چاوی لێکرا ئەمش وەک وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسەتی ئەمریکا لەقەڵەم درا بەرمابەر تورکیا.
نزیکبوونەوەی کوردی باشوور و ئەمریکا ترس ونیگەرانێکی زۆری خستۆتە دڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا، بۆیە ئەندام بوون لە یکێتی ئەوروپا بە باشترین ئەلترناتیڤ دانرا بۆ پاراستنی گرنگی تورکیا لە ناوچەکە و گەرانەوەی پەیوەندێکانی جارانی تورکیا و ئەمریکای تاکە زلهێز. تورکیا ئەوە باش دەزانێ کە زۆر لە ئەندامانی ناو یکێتی ئەوروپا پەیوەندی سیاسی و ئابووری بەهێزیان لەگەڵ ئەمریکا هەیەو دەشتوانن رۆلێکی باش لە گەرانەوەی متمانەی ئەمریکا بگێرن بەرامبەر تورکیا.
بەڵام ئەندام بوون لەیکێتی ئەوروپا باجی خۆی هەیە کە تورکیا ناچارە قەبوڵی بکات ئەویش بە جێبەجێ کردنی مەرجەکانی ئەو ئەندام بوونە. تورکیا بەهۆی قەیرانە ئابوری و سیاسێکانێوە ناچارە چۆک بۆ مەرجەکانی یکێتی ئەوروپا دابنیت، هەندێ لەو مەرجانەش کێشەی کوردە کە نەک تەنها تورکیا پێوەی دەناڵێ، بەڵکو بووە بە سەرئێشەێکی گەورە بۆ

خودی یێکێتی ئەوروپا. یێکیتی ئەوروپا ناتوانێ لەمە زیاتر بێدەنگ بمێنێ بەرامبەر سیاسەتە چەوتەکانی تورکیا سەبارەت بە کێشەی کورد و چارەسەرنەکردنی.
سەرانی تورکیاش لەوەدەچێ هیچ رێگایێکی تریان لەپێش نەماوە تەنها ئەوە نەبێت کە دان بەو هەڵانەی جارانیان بهێنن و رێگاچارەێک بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە کە ئەمرۆ بە گەورەترین کێشەی سیاسی ناو ئەم وڵاتە دادەنرێت، یێکێتی ئەوروپاش لەهەموو دانشتنێکیان لەگەڵ سەرانی تورک باسی لێدەکەن و داوای چارەسەرێکی سیاسی بۆ دەکەن.
سەرەک وەزیرانی ئێستای تورکیا ئۆردغان لەوەدەچێ لەهەموو سەرانی تری ئەم وڵاتە زیاتر تێگەیشتبێ لە دۆزینەوەی رێگاچارەێک بۆ بەئەندام بوون لە یێکێتی ئەوروپا بۆیە هەر لەماوەی دەسەڵاتی ئەم بوو دان بەهەندێ لەو مەرجانەی یێکێتی ئەوروپا نرا دەربارەی کێشەی کورد، خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایەی شارەکانی کوردستانی باکوور و لێدوانەکانی سەرۆکی وەزیرانی تورکیا دەربارەی ئەم رووداوانە باشترین نموومەی هەوڵەکانی تورکیایە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەێک بۆ ئەم کێشەیە.
ئەو مەرجانەی یێکێتی ئەوروپا هەیەتی بۆ ئەندامبوونی تورکیاو هەوڵەکانی ئەم وڵاتە بۆ پاراستنی رۆڵی خۆی لەناوچەکەو ئارەزووی رزگاربوونی لە کێشە ئابوری وسیاسێکانی ناچاری دەکات کە ئەو فیشەکانەی کە بروکسل دەیتەقێنێ دژ بە ئەنقەرە باشتر قەبوڵ بکات وەک لەو فیشەکانەی لە بیست ساڵی رابردوو لە شاخەکانی کوردستانەوە دەتەقێنرا.
لەوەش دەچێ فیشەکەکانی بروکسل کاریگەری زۆر زیاتربێت لەو فیشەکانەی کە سەرانی پ. ک. ک لەماوەی 20 ساڵی رابردوو بە تفەنگی مارکس و لینیین دەیان تەقان دژ بە ئەنقەرە، یان دەکرێ بوترێ زیانی فیشەکەکانی پ. ک. ک زیاتر لەخزمەتی مانەوەو پاراستنی دەسەڵاتی سوپاو ناسیونالیستەکان بووبێت، چونکە ئەو فیشەکانەی (پ. ک. ک) کەبە تفەنگی مارکسی لینینی دەیتەقان کوردی لەدۆستان دووردەخستەوە وەک لەوەی نزیک کاتەوە.
نەبوونی شارەزای لە سیاسەتی جیهانی و بەکارهێنانی فەلسەفەی رووخاو ماڵوێرانی گەورەی بەدواوەیەو کاریگەری دوورودرێژی بەدواوەیە کە چارەسەرکردنی ساڵانێکی دورودرێژی پێویستە، ئێمەی کوردیش نەلەرووی سیاسیەوە توانای ئەو قومارانەمان هەیە، نە لەرووی ئابوریشەوە دەتوانیین کاریگەر بیین لە وەرچەرخاندنی سیاسەتەکانی جیانی وناوچەیی بەرامبەر کێشەی کورد.
Shah. wahab@gmail. com